## کاریکاتێر




هەندرێن

## د. فەرهاد پیربال:

# ئەگەر فەسڵکرام شفتی دەفرۆشم



**سالح قادر- هەولێر/** دوای ئەوەی بەفەرمانێکی ئیدارەی زانکۆی سەلاحەدین کۆمەڵێ ماموستای زانکۆ لەبەرواری ٢٠٠٥/٨/٣١ بۆ کۆلێژەکانی دیکەی زانکۆی سەلاحەددین گواسترانەوە، یەکێك لەو ماموستایانەی کەتاکو ئێستا پابەند نەبووە بەو بڕیارە دکتۆر فەرهاد پیربالە، تاکار گەیشتە ئەوەی لەلایەن خودی سەرۆکی زانکۆوە بانگ بگرێت و وەك خۆی دەڵێ هەڕەشەی فەسڵ کردنی لێبکرێت.

*** بڕیاری فەسڵ کردنت دەرچووە؟**

– تاکو ئێستا بەفەرمانێکی ڕەسمی فەسڵ نەکراوم، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ سەرۆکی زانکۆ هەڕەشەی ڕەسمی لێکردم، ئەگەر من هەر ئەمڕۆ دەست بەکار نەبم لەو کۆلیژەی ئەوان بۆیان دیاریکردووم فەرمانی فەسڵم دەردەچێ، من پێشبینی ئەوەم کرد هەڵەیەك بەهەڵەیەك چارەسەر بکەن، ئامانجی سەرەکیان فەسڵ کردنی منە.

*** بۆچی؟**

– پرسیارێکی زۆر بەجێیە بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەپرسم بۆ ئەو ماموستایانەی بێئەخلاقیانکردووەو مەلەفیان روون و ئاشکرایە، لەسەر دەستی سەرۆکی زانکۆ بەوپەڕی ئیحتیرامەوە دەیانکەن بەخاوەن پایەی بەرز، ئامانجیان لەفەسڵکردنی من ئەوەیە، ئەو ماموستایانەی بەرامبەر بەناحەقی دەنگ هەڵدەبڕن و بەرامبەر بەفەسادی زانکۆ قسە دەکەن، دەیانەوێ چاوترسێنمان بکەن، دەیانەوێ پێیان بڵێن دیتتان چیمان لەفەرهاد کرد ئەوهاش لەئێوە دەکەین.

*** لەدوای گەرانەوەی سەرۆکی زانکۆ لەسەفەری دەرەوەی ولات، تۆی بانگهێشت کردو دانیشتنێکتان ئەنجامدا، دەکرێ بزانین ئەنجامی ئەم دانیشتنە چی بوو؟**

– ئەنجامەکەی ئەوەبوو کەپێمی گوت فەرهاد بەس بڕۆ چەند ڕۆژێك دەوام بکە لەکۆلیژە تازەکەت، دوای ئەوە چیت دەوێت بۆت جێبەجێدەکەم، بزانە ئەو قسەیە نابەجێیە، هەموو بیرکردنەوەی لەوەدا کۆبۆتەوە کە من بکات بەشتێك، عەینەن سەرۆکی پێشووی زانکۆی سەلاحەددین دکتۆر سەعد بەرزنجی یادی بەخێر "سەد ڕەحمەت لەکفن دز" لەخۆنیشاندانەکانی تەلەبە بەشایەتی سەرۆکی زانکۆی دهۆك پێی وتم "فەرهاد ئەو تەلەبانە هێمن بکەوە، مەهێڵە ئەو هەرایە بکەن، دەتکەینە سەرۆکی مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆ یان بەرێوەبەری کتێبخانەی ناوەندی" منیش لەوەلامدا پێم وت کێشەی تەلەبە بەوە چارەسەر ناکرێ، بەوە چارەسەر دەکرێ کە بانگیان بکەیت و گوێیان لێبگریت، ئێستاش سەرۆکی زانکۆی نوێ کەتەمەننا دەکەم بەزووترین کات ئەو کورسیەی لەبن بێتەدەرێ، پێمدەڵێ فەرهاد بەس ئەو فەرمانە ناقانوونیە، ئەو فەرمانە غەدرە "کە خۆی لای پارێزگاری هەولێر وای وتووە کە غەدرەو ناقانونییە" کە لەغیابی ئەودا دەرچووە جێبەجێبکە چیت دەوێ بۆت دەکەم. ئەوەش مانای جێبەجێکردنی شتێکی ناقانوونی دەگەیێنێ.

*** بەڵگە هەیە کە سەرۆکی زانکۆ لەلای پارێزگاری هەولێر گوتوویەتی ئەو فەرمانە ناقانوونیەو غەدرە؟**

– بەڵگە تەنها کاك نەوزادە، ئایا ڕاست جواب دەداتەوە، بڕۆ لێی بپرسە فەرهاد پیربال قسەیەکی وای گوتووە ئایا ڕاستە؟.

*** دەنگۆی ئەوە هەبوو کەسەرۆکی زانکۆ ئەو بڕیارەی ڕەتکردۆتەوە، ئەگەر ڕەتی نەکاتەوە هۆی چییە؟**

– ڕەفزی ناکاتەوە مانای وایە، ڕاهاتووە بەم جۆرە مومارەسەیەی.

*** دەڵێن د.ڕەشاد میران ڕازی نییە بەرەفز کردنەوەی ئەو فرمانە؟**

– خۆی هەڕەمی زانکۆ بەشێوەیەکی میکرۆفیزیای دەسەڵاتەکانی بەیەکتری بەستراونەتەوە، سەرۆکی زانکۆ لەسەرەتادا بەرگری لەعەمیدەکەی خۆی دەکات ئەوجا ئەگەر لەماموستایەکی سادەی وەکو منی بکات. زۆر ئاساییە، سەرۆکی زانکۆ نازی عەمیدەکەی هەڵدەگرێت و پشتیوانی لەبڕیاری عەمیدێك دەکات نەك ماموستایەکی وەك من ئەگەر چی لەسەر حەقیش بم. من پێشبینی ئەوە دەکەم کە سەرۆکی زانکۆ ڕەئی خۆی نەگۆڕیوە بەڵکو ڕای گۆڕیوەو پشتی ئەوان دەگرێت.

*** ئایا ڕاستە تۆ داوای لێبوردنت کردووە لە سەرۆکی زانکۆو لێپرسراوی ناوچەی زانکۆ لەو هەموو قسانەی کە بەوانت وتووە؟**

– ئەمە پەیوەندی بەو قسانەوە هەیە کە من لەرۆژنامەی ڕوانین ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردوومە، ئەوەش تەنازولات نییە، دکتۆر سەلام هات داوای لێکردم کە لەتەسریحاتەکان باسی ئەوە نەکەم کە ناوچەی زانکۆ دەستی لەو کارەدا هەیە، ناوچەی زانکۆ بەتایبەتی موئامەرەی لەسەر ئێمە نەکردووە، بەڵام لەحاڵەتێك موئامەرەیەو ناوچەی زانکۆ تاوانەکەی لەوەدایە، لەجیاتی ئەوەی ڕێگە لەو موئامەرەیە بگرێت هات لەرێگەی شەخسی ماموستا سەلام ڕێگەی خۆشکرد بۆ موئامەرەکە.

*** ئایا بۆت هەیە داوای یاسایی لەدادگا لەسەر کێشەکەت تۆمار بکەی؟**

– ئەوانەی ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، خۆیان پیاوی قانوونی و ئەو نەوعە شتانەن، ئەوان بزانن کە ئەمە ناقانونیەو غەدرەو مومارەسەشی بکەن عەیبە من بچم محامیەك بگرم بەستەزمانەی چواری کولیەی قانونی تەواوکردووەو مەکتەبەکی محاماتی داناوە، پێم سەیرە باوەڕم بەوە نییە. تەنیا لەپێناو ڕیسوا کردنیان با، بەڵام بێئومێدم لەوەی مەحکەمە بکرێن و لەو وڵاتە دیفاع لەو حاڵەتە ناقانونیە بکرێت. من داوای لابردن و گۆڕینی هەیئەی سەرۆکایەتی زانکۆ دەکەم کارم بەمەحکەمەوە نییە، تاپێشم بکرێت هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم.

*** وەکو قوتابیان و ماموستایان تاچەند لەو کێشە پشتگیریت دەکەن؟**

– پرسیارێکی زۆر جوانە، پەیوەندی بەرۆحی جوانی تەلەبەوە هەیە. من تاقە ئومێدێکم تەلەبەیە تەنیاو تەنیا تەلەبەیە لەسەر من لەسەر خۆیان لەسەر ناحەقی فەساد بەجواب دێن.

*** بەکردەوە تەلەبە پشتگیری کردووی؟**

– بەعەمەلی ویستویانە زۆرشت بکەن و زۆر شتی خەتەریش بکەن، من ڕێگەم لێگرتوون و، شانازی بەو برادەرایەتیەی تەلەبەش دەکەم و هیچ شانازیش بەبرادەرایەتی ماموستایان ناکەم. تەوەقوع دەکەم تەلەبە هەرایەکی گەورە بکەن، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کە لەزانکۆ دەردەچم پەیوەندیم بەزانکۆوە نامێنێ، تکا دەکەم لەهەموو تەلەبەکان، تاپێیان دەکرێ بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرو فەسادو ناقانونیەی لەزانکۆو لەهەرچی دامودەزگایەکی حکومەت هەیە قسە بکەن، خوا پشتیوانیان بێت و الله أکبر.

*** ئەی ماموستایان تاچەند پشتگیریت دەکەن؟**

– ماموستاکان سفر... بەدەست. لەبەر ئەوەی توێژێکە زۆر سستە، خاموش، سێ چوار ماموستای خۆشەویست وتیان ئێمە مانگرتنێکمان هەیە بۆ مەعاش، بۆ ئەو شتانە حەزیان لێیە مانبگرن، ئەوەش مانای ئەوە نییە، من پارەم زۆرە، بەگوڕی دایکم ٣٧٠ هەزار دیناری بریمەر لەحساباتی بانقەکەم هەیە، کە هەموو سەروەت و سامانی ئەمڕۆمە، بەڵام شتی مەسیری گەورەتر هەیە، چۆن ماندەگرن بۆ پارە بامان بگرن بۆ مەسائیلی تریش.

*** بەنیاز نیت موباشەرەی هیچ زانکۆیەکی تر بکەیت؟**

– زۆر سوپاسی ئەو لایەنە دەکەم کە پێشنیاری بۆم کرد کەبمکەنە ڕاگری کۆلیژی زمان لەقەلادزێ و، سوپاسی ئەو لایەنە دەکەم کە پێشنیاری ئەوەی بۆمکرد بمکەنە عەمیدی یەکێك لەکۆلیژەکانی زانکۆی کۆیە، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك ڕووناکەمە ئەو جۆرە چارەسەرانە، شەڕی من شەڕە لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین، لەپێناو بنیات نانەوەو چاندنی گوڵەکانی مەعریفە دەبێ من لەهەولێر بمێنمەوە، هەولێر پێویستی بەمنە، سلێمانی پێویستی بە من نییە، بۆیە ڕوو لەهیچ جێیەك ناکەم، تەنیا لەشاری خۆم دەمێنمەوەو تەنیاش خزمەتی شاری خۆم دەکەم، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من دهۆکم خۆشناوێت، یاجێگەیەکیترم خۆشناوێت. بەدرێژایی هاوینی ڕابردوو دکتۆر محەممەد خۆشناوی سەرۆکی زانکۆ لەهوتێلە دەرەجە یەکەکانی ئەمریکاو لەندەن و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دەسوڕایەوە، من بەتاقە کراسێکی قوڵ کورتەوە دەربەندیخان و کەلارو ڕانیەو چوارقوڕنەو ئاکرێ و دهۆك و هەڵەبجەم بەسەر کردەوە، شارۆچکە بەشارۆچکە بەدرێژایی ئەو هاوینە گەرمە کۆڕم تێدا کردووە بۆ تەلەبەکان، قسەم کردووە بۆ لاوان.

*** ئەگەر فەسڵکرای بەنیازی چیت؟**

– شفتی دەفرۆشم.

دوا قسەی فەرهاد پیربال ئەوەبوو "عەمیدەکان ئەوانەی ئەو بڕیارە ناحەقەیان بەرامبەر بە من دەرکردووە، من دەزانم لە من بەهێزترو دەسەڵاتدارترن، بەڵام من لەوان زۆر شکۆمەندترو سەربەرزترم.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین:

# ئێمە پێویستیمان بە خزمەتی دکتۆر فەرهاد پیربال و هەموو ماموستاکانی دیکە هەیە



**میدیا- هەولێر/** بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەی د.فەرهاد پیربال و ماموستا گوێزراوەکانی دیکەی زانکۆی سەلاحەدین ئەو پرسیارانەمان ئاراستەی د.محەممەد سدیق خۆشناوی سەرۆکی زانکۆ کرد:

*** ئایا دکتۆر فەرهاد فەسڵکراوە لەزانکۆ؟ ئەگەر فەسڵکراوە بۆ؟**

– نەخێر لە زانکۆ فەسڵ نەکراوە.

*** ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٥ دکتۆر فەرهادت بانگ کردو، گوایە پێت وتووە فەسڵکراوی؟**

– نەخێر من پێم نەوتووە فەسڵکراوی.

*** بەگوێرەی یاسای زانکۆ، ئەگەر ماموستایەك ماوەی یەك مانگ موباشەرەی زانکۆ نەکات فەسڵ دەکرێت. بەو پێیە بێت ئەو ماموستایانە فەسڵ دەکرێن؟**

– نەخێر ئەوەندەی من ئاگادار بم هیچ ئیجرائاتی بەو شێوەیە نەکراوە.

*** لەکاتی گەڕانەوەت لەسەفەری دەرەوەی وڵات، دکتۆر فەرهادت بانگکردو وا بڕیار بوو ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەو فەرمانە زانکۆییە هەڵبوەشێتەوە، چونکە لە غیابی تۆدا ئەو فرمانە دەرچووە؟**

– من دکتۆر فەرهادم بانگ کردووە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت، ئەو ماموستایانە کە نەقڵ کراون ئەوە تەنها کارێکی ئیداری بووە، لەبەر ئەوەی کۆلیژەکانیتر پێویستیان بە ماموستایەو ئەو کۆلیژەش ماموستای زیادە، ئەو کۆبوونەوەی کە لەنێوان ڕاگرەکان کراوە من ئاگادار بوویمە، پێموتوونە دانیشن هەوڵبدەن کە ماموستاکان دابەش بکرێن و، من زۆر حەزم لێبوو کە پرس بە ماموستاکان بکرێت و، حەزیشم لێبوو ماموستاکان خۆیان ڕازی بن بچنە شوێنەکەیان، بەڵام بۆ ئەو دوو ماموستا بەڕێزە نەکراوە، من لەسەر ئەو ئەساسە بانگم کردوون و ڕجام لێکردوون کە بچنە ئەو کۆلیژە، چونکە کۆلیژی پەروەردەی بنیات زۆر پێویستی بە ماموستایەو، پێمانوتوون ئەگەر ناچن بۆ ئەو کۆلیژە ئێوە حەزتان لێیە ڕەوانەی کۆلیژێکیترتان دەکەین، دیارە دکتۆر فەرهاد لەدڵی ناخۆش بوو، چونکە پرسی پێنەکراوەو گوایە ڕاگری کۆلیژو سەرۆکی بەش ئەویان نەقڵکردووە. بەداخەوە کێشەیەك هەیە لەنێوان ڕاگری کۆلیژ (د.ڕەشاد میران)و سەرۆکی بەشی کوردی و ئەو دوو ماموستایە (دکتۆر فەرهادو دکتۆر عەبدوڵلا حەداد)، بەڵام ئێمە ناتوانین لەبەر ئەو کێشەیە ئیدارەی زانکۆ ڕابگرین و، ناشتوانین بڵێین ئێمە لایەنگری یەکێك دەکەین و لایەنی ئەویتر ناگرین. کە من لە سەفەر گەڕامەوە لەگەڵ دکتۆر فەرهاد قسەم کردو ئەو کێشەیەم بردە ناو ئەنجوومەنی زانکۆ. ئەوانیش بەتێکڕای دەنگ پێیان باش بوو ئەو فەرمانە زانکۆییە جێبەجێبکرێت و، جارێکیتر بانگی دکتۆر فەرهادم کردو وتم ڕجات لێدەکەم ئەو فرمانە جێبەجێبکەیت. دوای ئەوەش تۆ چیت دەوێ من لەخزمەتت دام بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام بەداخەوە دکتۆر فەرهاد لەژوورەکەی من دەرچوو و ناڕەزامەندی خۆی نیشاندا.

**ئەگەر یەکێك دەسەڵاتی لەسەرەوەی ئەنجوومەنی زانکۆیەو بیەوێ ئەو فەرمانە هەڵوەشێنێتەوە، ئێمە پەیڕەوی دەکەین**

**حەزم لێیە دکتۆر فەرهاد هاوکاریم بکات، پێم بڵێ فەسادییەکە چییەو لەکوێیە**

*** لە زۆر شوێن دکتۆر فەرهاد باس لەفەسادی ئیداری ناو زانکۆ دەکات، ئایا ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

– من نازانم دکتۆر فەرهاد مەبەستی چییە لە فەسادی ئیداری ناو زانکۆ، منیش لەوانەیە زۆر شت هەبێت لەناو زانکۆ پێی ڕازی نەبم، زۆر شت هەیە ڕاستی بکەمەوەو چاکی بکەم، بەڵام حەزم لێیە دکتۆر فەرهاد هاوکاریم بکات، پێم بڵێ فەسادییەکە چییەو لەکوێیە هەتا بەیەکەوە چارەسەری بکەین.

*** فەسڵکردنی ماموستایەکی وەك فەرهاد پیربال تاچەند خزمەت بە زانکۆ دەکات؟**

– هیچ خزمەت بەزانکۆ ناکات، بەڵکو ئێمە پێویستیمان بەخزمەتی دکتۆر فەرهادو ڕەشاد میران و عەبدوڵلا حەدادو هەموو ماموستاکان هەیە، بەڵام ئەوانیش دەبێت هەوڵبدەن بەیەکەوە بژین و کار بکەن.

*** هەڵنەوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە والیێك دەدرێتەوە کە ئێوە پشتگیری لەڕاگری کۆلیژ دەکەن نەك ماموستاکان؟**

– نەخێر ئەوە بڕیارێکی ئیدارییە، لەسەر ئەو ئەساسە نەقڵکراون کە شوێنێتر پێویستی بەماموستا هەیە، تائێستاش نوێنەری ماموستایان نەهاتووە پشتگیری ماموستاکان بکات بەڵکو نوێنەری ماموستایان لەگەڵ ئێمە لەئەنجوومەنی زانکۆدا دانیشتووەو بڕیارمانداوە کە دەبێ ئەو ماموستایانە بچن بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی نەقڵکراون و هیچ شتێکیتری تێدا نییە. دەبێت ڕێز لە فەرمانی زانکۆیی بگیرێت.

*** ئێوە باستان لەوە کردووە کە ئەو فەرمانە ناقانونییەو غەدرە لەماموستایانی زانکۆ کراوە، ئایا ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە؟**

– نەخێر من قەت نەموتووە ئەو فرمانە نا قانونییە. من بەرپرسی زانکۆم، من ئەو بڕیارەم دەرکردووە، ئەگەر بەئیمزای منیش نەبێت من ئاگادارم و، هەڵناوەشێتەوە، بەڵام من دەمویست چارەسەری کێشەکە بکەم، زۆر بەداخەوە کە دکتۆر فەرهادو دکتۆر عەبدوڵلا حەداد دەڵێن ئێمە لەشوێنی خۆمان ناجوڵێینەوەو تەنها لەو بەشە دەبین و ناچینە هیچ شوێنێکیترو دەبێت ئەو فەرمانە هەڵوەشێتەوە، جا من داوای لێبوردنیان لێدەکەم ئەو فەرمانە هەڵناوەشێتەوەو، بۆتە فەرمانی ئەنجوومەنی زانکۆ ئەگەر یەکێك دەسەڵاتی لەسەرەوەی ئەنجوومەنی زانکۆیەو بیەوێ ئەو فەرمانە هەڵوەشێنێتەوە، ئێمە پەیڕەوی دەکەین، بەڵام ئێستا ئەنجوومەنی زانکۆ ئەو فەرمانەی دەرکردووە، کە ئەنجوومەنی زانکۆ بەرزترە لەسەرۆکی زانکۆ.